Australian Government
Department of Home Affairs

# Privacy notice
# تێبینی تایبەتمەندێتی

Form
**1442i KURS**
KURDISH SORANI

Department of Home Affairs (وەزارەتی کاروباری ناوخۆ) (وەزارەت) Australian Border Force (هێزی سنووری ئوسترالی) لەخۆدەگرێت.

*Privacy Act 1988* (یاسای تایبەتمەندێتی *1988*) (یاسای تایبەتمەندێتی) داوای پێویست لە وەزارەت دەکات کە تاکەکەس ئاگادار بکاتەوە لە بابەتی دیاریکراو کاتێک زانیاری کەسی دەربارەیان کۆدەکاتەوە.

وەزارەت Privacy Policy (سیاسەتی تایبەتمەندێتی) خۆی بڵاوکردۆتەوە، کە زانیاری لەبارەی شێوازی خۆی بۆ پابەندبوونی بە Australian Privacy Principles (بنەماکانی تایبەتمەندێتی ئوسترالیا) کە لە یاسای تایبەتمەندێتیدا هاتووە و، بە تایبەتیش زانیاری لەبارەی:

- چۆن و، بۆچی ئێمە زانیاری کەسی دەربارەت کۆئەکەینەوە
- چۆن دەکرێت دەستت بگات بە زانیارییە کەسییەکان دەربارەی تۆ کە لەلای وەزارەت بەردەستە.
- چۆن دەتوانیت داخوازی ڕاستکردنەوەی ئەو جۆرە زانیاریانە بکەیت
- چۆن دەکرێت سکاڵا لەبارەی پێشێلکردنی Australian Privacy Principles تۆمار بکەیت، و چۆن وەزارەت مامەڵە لەگەڵ سکاڵایەکی لەو جۆرەدا دەکات.

سیاسەتی تایبەتمەندێتی لەم لینکەدا پەیدا ئەکرێت:
**https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy**

سەرەڕای ئەوەش، زۆرێک لە فۆرمەکانمان کە ئێوە لەوانەیە پڕیان بکەنەوە، پەیوەند بە مەبەستێکی دیاریکراو، ئاگاداری دیاریکراوی تیادا هەیە سەبارەت بە کۆکردنەوەمان و ئێمە چی دەکەین بە زانیاری کەسی تۆ. هەروەها لەوانەیە بە ئاگاهێنانەوەی کۆکردنەوەی دیاریکراوت بۆ دابین بکرێت لەو کاتەیدا خزمەتگوزارییەک بەکاردەهێنیت یان زانیاری کەسی خۆت دەدەیت بەوەزارەت.

ئەم Privacy Notice (تێبینی تایبەتمەندێتی) یە زانیارییە کەسییەکانی کۆکراوەی وەزارەت ڕوووندەکاتەوە، و ناوەڕۆکەکانی ئەو ئاگادارییە تایبەتانە تەواودەکات (هەرکە گونجاوبێت).

## وەزارەت - ئێمە کێین/چی دەکەین

وەزارەت بەرپرسیارە لە کۆچبەری و کۆچکردن (لەوانەش ئاسایشی سنوور، چوونە ژوورەوە، مانەوە و ڕێکخستنی ڕۆشتن بۆ ئەوانەی کە هاووڵاتی نین؛ گومرگ و کۆنترۆڵکردنی سنوور (جگە لە کەرەنتینە و پشکنین)؛ ڕەگەزنامە؛ کاروباری ڕەگەزی؛ سیاسەت و ئۆپەراسیۆنەکانی جێبەجێکردنی یاسا؛ سیاسەت و ئۆپەراسیۆنی ئاسایشی نیشتیمانی؛ کاروباری فرە کولتوری؛ سیاسەت و هاوئاهەنگی ئاسایشی پارێزەر؛ خزمەتگوزاری پاراستن لە دامەزراوەکانی کۆمۆنوێڵس و شوێنە دیپلۆماسی و کونسوڵگەرییەکان لە ئوسترالیا؛ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی؛ ئاسایشی گواستنەوە؛ سیاسەت و هاوئاهەنگی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ تاوانی ئەلکترۆنی؛ پاراستن و هاوئاهەنگی ژێرخانی گرنگ؛ بەڕێوەبردنی باری نائاسایی کۆمۆنوێڵس؛ ڕێکخستنەکان بۆ نیشتەجێکردنی کۆچبەران و هاتووانی مرۆیی؛ پەروەردەی کۆچبەری گەورەساڵ؛ ئاسودبوونی هەموو مەترسییەکان، چاکبوونەوە و سیاسەتی کەمکردنەوە و هاوکاری دارایی.

## وردەکاریی پەیوەندی

وردەکاری تەواوی پەیوەندی دەتوانرێت پەیدا بکرێت لەسەر وێبسایتی وەزارەت **www.homeaffairs.gov.au**

ئەگەر باوەڕت وایە سکاڵا یان فیدباک هەیە سەبارەت بە کۆکردنەوە یان مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانت:

- فۆڕمی فیدباکی ئۆنلاین پڕبکەرەوە لە **www.homeaffairs.gov.au/feedback**
- بنوسە بۆ: The Manager
  Global Feedback Unit
  GPO Box 241
  Melbourne VIC 3001
  Australia

## کۆکردنەوەی زانیاری کەسی

### زانیاری کەسی چییە؟

یاسای تایبەتمەندێتی ئەوە دابین دەکات کەزانیاری کەسی زانیارییە یان بۆچوونێکە دەربارەی تاکێک کە بە شێوەیەکی ماقوڵانە دەتوانرێت بناسرێتەوە (ئەگەر دروست بێت یان تۆمارکراو بێت لە فۆڕمی ماددیدا بێت یان نا).

هەروەها زانیاری هەستیاریش کۆدەکەینەوە کە بەشێکە لە کۆمەڵەیەک لە زانیاری کەسی پێناسەکراون لە ژێر یاسای تایبەتمەندێتی وەک زانیاری یان بۆچوونێک، ئەویش هەروەها زانیاری کەسی، سەبارەت بە بنەچەی نەژاد یان ڕەگەزی تاکێک، بۆچوونە سیاسییەکان، ئەندامێتی لە کۆمەڵەیەکی سیاسی، بیروباوەڕ یان پەیوەندی ئایینی، بیروباوەڕی فەلسەفیانە، ئەندامێتی لە کۆمەڵەی پیشەیی یان بازرگانی، ئەندامێتی لە سەندیکایەکی پیشەیی، ئاراستەی سێکسی یان پراکتیزەکردن، و تۆماری تاوانکاری. زانیاری هەستیار کە زانیاری تەندروستی و زانیاری بۆماوەیی دەربارەی تاکێکیش دەگرێتەوە، و جۆرێکی دیاریکراوی زانیاری بایۆمەتری. زانیاری بایۆمەتری کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە دەموچاوت، پەنجەمۆر، گلێنەی چاو، لەپی دەست، واژوو یان دەنگ لەخۆدەگرێت.

یاسادانان کە پەیوەندە بە وەزارەت هەروەها بە دیاریکراوی هەندێک جۆری زانیاری دەپارێزێت کە ڕەنگە زانیاری کەسیش بێت، وەک ناسێنەری کەسی (وەک لە *Migration Act 1958* (یاسای کۆچکردن *1958*)

و *Australian Citizenship Act 2007* (یاسای ڕەگەزنامەی ئوسترالیا*2007*)، و کۆچبەری و زانیاری پاراستنی سنوور (وەک لە *Australian Border Force Act 2015* (یاسای هێزی سنووری ئوسترالیی *2015*)، لە نێوان ئەوانی تردا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیدار بە تایبەتی بۆ ناسێنەرە کەسییەکان سەیری فۆڕمی 1243i بکەن ناسێنەری کەسییەکانت لە
**https://immi.homeaffairs.gov.au/form-listing/forms/1243i.pdf**

## لەکوێوە زانیاری کەسیت کۆدەکەینەوە؟

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئێمە زانیاری کەسیت کۆئەکەینەوە ڕاستەوخۆ لە تۆوە یان لە کەسێک کە ڕێگەی پێدەدەیت (بۆ بۆ نموونە، بریکارێک یان پزیشکەکەت). هەروەها ئێمە زانیاری کەسێتیت کۆئەکەینەوە لەڕێگای سەکۆکانی ImmiAccount و VEVO.

لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە لە تۆوە کۆبکرێتەوە لە ڕێگەی سیستەمێکی ئۆتۆماتیکیەوە. بۆ نموونە وەزارەت سیستەمی SmartGate بەکاردەهێنێت لە فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان کە زانیاری کەسیت (وەک وێنەی دەموچاو) لەخۆتەوە وەدەگرێت.

هەروەها زانیاری کەسی خۆت کۆدەکەینەوە لە مەودای حکومەتی ئوسترالیا و ئاژانسە حکومەتییەکانی ولایەت و هەرێم (بەتایبەت ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسا) وحکومەتە بیانییەکان لە ژێر دەسەڵاتی یاسای جۆراوجۆری ئوسترالی یان ناوخۆیی یان ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها ئێمە زانیارییەکانی خشتەی مووچەی بەشێوەیەکی خێرا (STP) لە فەرمانگەی باجی ئوسترالیا (ATO) کۆدەکەینەوە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتنی بەرنامەی ڤیزەی لێهاتوویی کاتی.

هەروەها زانیاری کەسی کۆدەکرێتەوە و لەبری ئێمە بەکاردەهێنرێت لەلایەن بەڵێندەری  دابینکەری خزمەتگوزاری. نموونەی ئەمانە بریتین لە خزمەتگوزاری پاڵپشتی بۆ دەستگیرکراوەکانی کۆچبەری، خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و دابینکردنی Adult Migrant English Program (بەرنامەی ئینگلیزی کۆچبەری گەورەساڵان) (AMEP).و گروپەکانی پشتیوانی کۆمەڵگە بەشدارن لەگەڵ Community Refugee Integration and Settlement Program (بەرنامەی یەکگرتن و نیشتەجێکردنی پەنابەرانی کۆمەڵگە) (CRISP). حکومەت داوا دەکات کە هەموو بەڵێندەرەکانی پابەندبن بە یاسای تایبەتمەندێتی گەر ئەوان لە ئوسترالیا بن یان لە دەرەوەی وڵات.

هەروەها دەکرێت ئێمە زانیاری کەسی لەبارەی تۆوە کۆبکەینەوە کە لە میدیای چاپکراو و دیجیتاڵی گشتیدا بەردەستە.

گۆڕانکاری لە دۆخی هاوپەیوەندیت یان ئیدیعای توندوتیژی ناوخۆیی و خێزانیی (DFV) لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لەوەی چۆن مامەڵە دەکەین لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانتان.

## کۆکردنەوەی زانیاری کەسیت کە پێویستە یان ڕێگەپێدراوە بەپێی یاسا

وەزارەت ئەرک و توانای بەرفراوانی پەیوەند بە کۆکراوەکە هەیە، بە بەکارهێنان و خستنەڕووی زانیاری کەسییەوە، زۆربەیان لە یاسا دیاریکراوەکانی کۆمۆنوێڵسدا دەستنیشانکراون. سەرەڕای ئەوەش، زانیاری کەسی کۆکراوەی وەزارەت لەگەڵ یاسای تایبەتمەندێتی دێتەوە.

لە خوارەوە پوختەیەك  لە یاساکەیە  کە ئێمە بە گشتی بەپێی ئەوە زانیاری کەسی کۆدەکەینەوە .

***Migration Act 1958* یاسای کۆچکردن *1958* (یاسای کۆچکردن)**

ئێمە ڕێگە پێدراوین بە پێی یاسای کۆچکردن  زانیاری کەسی کۆبکەینەوە، و  لە هەندێک بارودۆخدا ناسێنەرەکانی کەسی (وەک  پەنجەمۆری کەسەکە یان مۆری دەست، وێنەی ڕووخساری کەسێک یان واژوو، لەنێوان شتی تردا). بۆ نموونە لەوانەیە ئەمانە کۆبکرێنەوە:

- بۆ مەبەستی داواکاری ڤیزا
- پەیوەست بە گەڕان و دەسەڵاتەکانی دەستبەسەرداگرتن بەپێی یاسای کۆچکردن، یان کاتێک تاکێک دێتە ناو ئوسترالیا یان
- بەجێی دەهێڵێت (بۆ نموونە، پاسپۆرت یان ڤیزا  یان بەڵگەی ناسین).

***Australian Citizenship Act 2007* (یاسای ڕەگەزنامەی ئوسترالی *2007*) (یاسای ڕەگەزنامەی ئوسترالی)**

ئێمە بەپێی یاسای ڕەگەزنامە ڕێگەپێدراوین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەسی (لەوانەش ناسێنەرەکانی کەسی) تاکو ڕەزامەند بین کە کەسەکە  پێداویستییەکانی ڕەگەزنامەی هەیە.

***Immigration (Guardianship of Children) Act 1946* (یاسای کۆچبەری (سەرپەرشتیکردنی منداڵان) *1946*) *(IGOC Act)***

بەپێی یاسای IGOC ، و ڕێساکانی، وەزیر سەرپەرشتکارە لە هەندێک منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی  بێ یاوەر و هاوڵاتی نین کە بەبێ دایک و باوک یان خزمێکی تەمەن 21 ساڵ و سەروتر دەگەنە ئوسترالیا (کە بە منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی IGOC ناسراوە).

بۆ یارمەتیدان لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیەکانی سەرپەرشتیکردن، یاسای IGOC ڕێگە دەدات وەزیر بۆ ئەوەی دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردنی خۆی ڕادەست بکات بۆ ئەفسەران لە حکومەتی ئوسترالیا یان حکومەتەکانی ولایەت/ هەرێم (ئاماژەیان بۆ دەکرێت وەک 'نوێنەرانیIGOC'). هەروەها کەسانێك ئامادەیان هەیە و گونجاون یان ڕێکخراوەکان دەکرێت دابنرێن وەك 'سەرپەرشتیار'ی منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی IGOC . بەگشتی، سەرپەرشتیار دەبێت خۆشگوزەرانی و چاودێری منداڵێک دابین بکات کە لە ژێر چاودێری ئەواندایە. بۆ دڵنیابوون لە خۆشگوزەرانی و چاودێری منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی بەپێی یاسای IGOC، وەزارەت زانیاری کەسی کۆدەکاتەوە دەربارەی منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی IGOC و سەرپەرشتیارانیان. هەرکە پێویست بوو، و بەپێی  یاسای تایبەتمەندێتی، وەزارەت لەوانەیە زانیاری کەسی بخاتەڕوو بۆ، و زانیاری کۆبکاتەوە لە، دەسەڵاتدارانی ولایەت/ هەرێم لەوانەش ئاژانسەکانی خۆشگوزەرانی منداڵ، نوێنەرانی IGOC ، سەرپەرشتیاران، دایک و باوکان، چاودێران، خزمەکان، و ئاژانسەکانی تری حکومەتی ئوسترالی.

***Customs Act 1901 (Customs Act) and Excise Act 1901* (یاسای گومرگ *1901*) (یاسای گومرگ) و یاسای باج *1901*) (یاسای باج)**

وەزارەت کۆمەڵێک زانیاری کەسی کۆدەکاتەوە بەپێی یاسای گومرگ و یاسای باجی کەلوپەلی ناوخۆ  لە ڕۆڵی ئێمە بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئوسترالیا و دڵنیابوون  لە کۆکردنەوەی داهاتی سنوورەکان. لەوانەش زانیارییەکانی پەیوەست بە سەرنشینانی هاتوو و تیمەکانی کەشتی و فڕۆکە.

***Maritime Powers Act 2013* (یاسای دەسەڵاتە دەریاییەکان *2013*) (یاسای دەسەڵاتە دەریاییەکان)**

ئێمە بەپێی یاسای دەسەڵاتە دەریاییەکان ڕێگەپێدراوین  بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەسی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتە دەریاییەکان. دەسەڵاتەکان پشتگیری لە جێبەجێکردنی یاسای پەیوەندیدارەکان بە هێزی دەریایی ئوسترالیاوە، لەوانەش لە پەیوەندیدا بە ماسیگرتنی بیانی نایاسایی، گومرگ، دژە تیرۆری دەریایی، کۆچکردن، کەرەنتینە و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، هەروەها ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخستنەکان لە دەریادا.

***Immigration (Education) Act 1971* یاسای کۆچبەری (پەروەردە) *1971* (یاسای کۆچبەری (پەروەردە))**

ئێمە، و دابینکەرانی AMEP، لەبری وەزارەت، دەسەڵاتمان هەیە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری کەسی بۆ ئەوەی ڕازیبین کە تاکێک مەرجەکانی شایستەیی AMEP بەدی دەهێنێت بەپێی یاسای کۆچبەری (پەروەردە).

## کۆکردنەوەی زانیاری کەسیت بەپێی یاسای  تایبەتمەندێتی

یاسای تایبەتمەندێتی دان بەوەدا دەنێت کە زانیاری کەسی (لەوانەش هەستیار)

لەوانەیە  لەلایەن وەزارەتەوە کۆبکرێتەوە بەپێی یاسای ئوسترالی – نموونەکانی کە لە سەرەوەن.

هەروەها یاسای تایبەتمەندێتی ئەوە دەخاتەڕوو کە زانیاری کەسی جگە لە زانیاری هەستیار دەتوانرێت کۆبکرێتەوە ئەگەر زانیارییەکان بە شێوەیەکی ماقوڵانە پێویستە بۆ، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە، یەکێک یان زیاتر لە ئەرکەکان یان چالاکییەکانی وەزارەت هەبوو.

سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری هەستیار، یاسای تایبەتمەندێتی ڕێگە بە وەزارەت ئەدات کۆکردنەوەی لە هەندێك  بارودۆخدا، لەوانە:

- ئەگەر تۆ ڕەزامەندیت و زانیارییەکان  بە شێوەیەکی ماقوڵانە پێویستە بۆ، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە، یەکێک یان زیاتر لە ئەرکەکان یان چالاکیەکانی وەزارەتە، یان
- کۆکردنەوەکە بە شێوەیەکی ماقوڵانە پێویستە بۆ، یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە، یەکێک یان زیاتر لە چالاکییەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنمانەوە هەیە.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2026

## ئەو مەبەستەی کە زانیاری کەسی تۆی بۆ کۆدەکەینەوە

ئەرک و چالاکییەکانمان زۆر فراوانە، ئەو ئەرکانە دەگرێتەوە کە لە بەشەکانی "وەزارەت – ئێمە کێین/ چی دەیکەین" ی سەرەوە و زانیاری زیاتریش بەردەستە لەڕێی بژاردەی 'دەربارەی ئێمە' لە **وێبسایتی** وەزارەتەوە لە **ئێمە کێین** (**homeaffairs.gov.au**)

ناکرداری دەبێت کە هەموو ئەو مەبەستە تایبەتانەی  کە زانیاری کەسیمان بۆیان کۆکردووەتەوە بخرێنە لیستەوە، بەڵام ئەمانە بریتین لە ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

- ڤیزا و کۆچکردن لەوانەش پابەندبوون بە ڤیزا
- گومرگ وباجی کەلوپەل و دانانی باج
- پەنابەران و هاوکاری مرۆیی
- خزمەتگوزاری نیشتەجێبوون
- پرۆگرامی ئینگلیزی کۆچبەری گەورەساڵ
- بەڕێوەبردنی سنوورەکان
- دۆخی کۆچبەری یان دەستبەسەرکردن
- ڕەگەزنامە
- جێبەجێکردنی یاسا
- ئاسایشی نیشتمانی
- ئاسایشی گواستنەوە لەوانەش ئاسایشی فڕۆکەخانە و دەریایی و کارگێڕی چوونە ژوورەوە
- بەڕێوەبردنی باری نائاسایی کۆمۆنوێڵس
- دامەزراندنی ستافی بەشەکان

زانیارییە کەسییەکانت بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی سەرەکی کۆکراوەکە یان بۆ مەبەستێکی لاوەکی لەو جێیەی لەلایەن یاسای تایبەتمەندێتییەوە ڕێگەی پێدراوە یان وەکتر لەلایەن یاسادانانەوە دەسەڵاتی پێدراوە.

## ژیری دەستکرد

بەو پێیەی کە وەزارەت AI بەکاردەهێنێت، لەوانەش AI ی درووستکەر، شیکاری پێشکەوتووەکان، ئۆتۆماتیکیکردن و بڕیاردانی ئۆتۆماتیکی (ADM)، بۆ پشتگیریکردن لە ئەرکەکانی کارکردن، بەڕێوەبردنی مەترسی و چالاکییە کارگێڕییەکان، لەوانەیە زانیارییە کەسییەکانت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای AI پرۆسە بکرێن. لەوانەیە ئەم چالاکییانە ئەوانە بگرێتەوە کە لەم ئاگاداری تایبەتمەندییەدا هاتووە.

وەزارەت تەنها بەرهەمە پەسەندکراوەکانی AI بەکاردەهێنێت کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە کە گونجاون بۆ ژینگە پارێزراوەکەمان.

ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی AI درووستکەری پرۆژە لەوانەیە بەکاربهێنرێت لە پەیوەندی لەگەڵ چالاکییە بەشییەکان بۆ کەیسەکانی بەکارهێنانی پەسەندکراو وەک:

- ئەو زانیاریانەی کە داوتە کورت بکەرەوە
- ئەو زانیاریانەی لە لایەنی سێیەم کۆکراونەتەوە کورت بکەرەوە
- ئامادەکاری ڕاپۆرتەکان
- توێژینەوە و شیکاری
- ئامادەکاری نامەگۆڕینەوە
- پشتگیری لە بەرهەمهێنانی شوێنی کار بکە

لەو شوێنانەی کە AI بەکاردەهێنرێت، ستافی وەزارەت پێداچوونەوە بۆ بەرهەمی AI دەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕاستە، نوێیە، تەواو و پەیوەندیدارە، پێش ئەوەی بەکاربهێنرێت یان ئاشکرا بکرێت، لەوانەش لە بڕیارداندا.

لە کاتی پرۆسەکردنی زانیارییە کەسییەکانت لەگەڵ AI، وەزارەت تەنیا بەپێی یاسای پاراستنی نهێنی یان لەو شوێنانەی کە بە شێوەیەکی تر بە یاسا ڕێگەپێدراوە دەیکات.

بۆ زیاتر زانیاری لەسەر چۆن وەزارەت تەکنەلۆجیای AI بەکارئەهێنێت، سەیری بەیاننامەی شەفافیەتی AI بکە لە

**https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/plans-and-charters/our-service-charters/ai-transparency-statement**

بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بەکارهێنانی AI و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی تۆ، تکایە سەرنجی سیاسەتی پاراستنی نهێنیمان بدە **https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy**

## دەرئەنجامەکان ئەگەرهاتوو زانیاری کەسیت کۆنەکرایەوەلەلایەن وەزارەتەوە

ئەگەر زانیارییە کەسییەکانت کۆنەکراونەتەوە، ڕەنگە نەتوانین داواکارییەکەت پرۆسە بکەین (وەک داواکاری ڤیزا)، دیاریکردنی شایستەبوونت بۆ خزمەتگوزارییەکانمان، یان بەدیهێنانی پابەندبوونە یاساییەکان، ئەرکی پابەندبوونەکانی چاودێری یان پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی ئوسترالیا. ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی چوونە ژوورەوەت بۆ ئوسترالیا، کە داواکارییەکانت ڕەتکراونەتەوە یان ناشایستە بوون بۆ خزمەتگوزارییەکان (لە نێوان شتەکانی تردا).

## خستنەڕووی زانیاری کەسی

ئەو زانیارییە کەسییانەی کە کۆمانکردونەتەوە لە پێناو  ئەرک و چالاکییەکانمان دەتوانن بۆ لایەنی سێیەم و ڕێکخراوە حکومەتییەکانی تر لەژێر چەند بارودۆخێکدا بەگوێرەی  یاسای تایبەتمەندێتی. لە خوارەوە زۆرترین جۆرە باوەکانە.

## خستنەڕوو بۆ نوێنەرانی کاندیدکراو

دەتوانیت کەسێک کاندید بکەیت بۆ ئەوەی

لەوانەیە ئێمە زانیاری کەسی تۆ بخەینەڕوو، وەک ئەندامێکی خێزان، بریکاری کۆچکردن، دەلاڵی گومرگ، سپۆنسەر یان پارێزەر کە نوێنەرایەتی تۆ دەکات.

## خستنەڕووی ڕێگەپێدراو

ئێمە لە هەندێك  بارودۆخی دیاردا، دەسەڵاتمان هەیە یان ڕێگەپێدراوین بەپێی یاسای ئوسترالی  بۆ خستنەڕووی زانیاری کەسی، لەوانەش بۆ ئاژانسەکانی  تری حکومەتی ئوسترالیا و ئاژانسەکانی ولایەت و هەرێم.

گرنگترین برگەکانی خستنەڕوو لە یاسادانانی بواری بەرپرسیارێتی وەزارەتدا بریتین لە بەشی 4A لە یاسای کۆچ، کەرتی 43 ی یاسای هاووڵاتیبوون و بەشی 6 ی *Australian Border Force Act 2015*.

نموونەکان بریتین لە خستنەڕووەکان بۆ یارمەتیدان لە پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەکەت، سەلماندنی ڕەسەنایەتی ئەو بەڵگەنامانەی کە داوتە بە ئێمە یان بە ئاژانسێکی تر، یان بۆ ئەنجامدانی هاوتاکردنی داتاکان یان بە شێوەیەکی تر یارمەتی ئاژانسەکە بدات بۆ ئەوەی پابەندبوونی یان ئەرکە یاساییەکانی تر  بگرێتە ئەستۆ.

## خستنەڕوو بۆ ئاژانسەکانی تری حکومەت

ئاژانسەکانی  حکومەت کە لەوەیە وەزارەت زانیاری کەسییان بۆ بخاتەڕوو کە ئەمانە دەگرێتەخۆ بەڵام سنووردار نییە بە:

- خزمەتگوزارییەکانی ئوسترالیا، بۆ مەبەستی یاسادانان وەک *Social Security Act 1991* (یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی *1991*)، *Child Support (Assessment) Act 1989* (یاسای پاڵپشتی منداڵان (هەڵسەنگاندن) *1989*) و *Child Support (Registration and Collection) Act 1988* (یاسای پاڵپشتی  منداڵان (تۆمارکردن و کۆکردن) *1988*)، *Health Insurance Act 1973* (یاسای دڵنیایی تەندروستی ساڵی *1973*) و *Taxation Administration Act 1953* (یاسای بەڕێوەبردنی باج ساڵی *1953*)
- وەزارەتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان
- وەزارەتی کشتوکاڵ، پیشەوەری ماسیگری و دارستانزانی، بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ئاسایشی بایۆلۆجی ئوسترالیا و بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Biosecurity Act 2015, Export Control Act 2020, Imported Food Control Act 1992* (یاسای ئاسایشی بایۆلۆجی *2015*، یاسای کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن *2020*، یاسای کۆنترۆڵکردنی خۆراکی هاوردەکراو *1992*) و  *Illegal Logging Prohibition Act 2012* (یاسای قەدەغەکردنی داربڕینی نایاسایی *2012*)
- بەڕێوەبردنی کاڵای چارەسەری، بۆ مەبەستەکانی *Therapeutic Goods Act 1989* (یاسای کاڵای چارەسەری *1989*)

- یەکخستنی وەرزش ئوسترالیا، بۆ مەبەستەکانی پلانی نیشتمانی دژە مادده هۆشبەرەکان ئوسترالیا، بۆ مەبەستەکانی پلانی نیشتمانی دژە مادده هۆشبەرەکان
- وەزارەتی پەروەردە، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Education Services for Overseas Students Act 2000* (یاسای خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە بۆ خوێندکارانی دەرەوەی وڵات *2000*)
- وەزارەتی کار و پەیوەندییەکانی شوێنی کار، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەکو *Work Health and Safety Act 2011* (یاسای تەندروستی و سەلامەتی کار *2011*)، داتاکان بەراورد دەکرێتە زانیارییەکان سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی کار و هەر کاریگەرییەکی پێکهاتەیەکی پێشنیارکراوی شوێنی کار لەسەر بازاڕی کاری ئوسترالیا دیاری دەکات؛ و بۆ مەبەستەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی بەرنامە و دەستپێشخەری گەرەنتی کارامەیی ئوسترالی و سیاسەتی پەیوەست بە بەدەستهێنان
- وەزارەتی کاروباری جەنگاوەرە دێرینەکان، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Veterans' Entitlements Act 1986* (یاسای شایستەکانی جەنگاوەرە دێرینەکان *1986*)
- ئۆفیسی باجی ئوسترالیا، بۆ مەبەستەکانی *Income Tax Assessment Act 1997* (یاسای هەڵسەنگاندنی باجی داهات *1997*) و یاسادانانی تری باج
- وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بازرگانی، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Australian Passports Act 2005* (یاسای پاسپۆرتی ئوسترالیا *2005*) و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وڵات بۆ پرۆسەکردنی ڤیزەی پاراستن، و سەبارەت بە هەر پاسپۆرتێکی بیانی کە دەکرێت تۆ شایستەی بێت وەک جووت نیشتمانی
- وەزارەتی بەرگری، بۆ بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڤیزەی خوێندکار لە کەرتی بەرگری و بۆ مەبەستەکانی *Defence Trade Controls Act 2012* (یاسای کۆنترۆڵکردنی بازرگانی بەرگری *2012*)
- وەزارەتی داواکاری- گشتی، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Criminal Code Act 1995* (یاسای کۆدی تاوانکاری *1995*)
- وەزارەتی گۆڕانی کەشوهەوا، وزە، ژینگە و ئاو، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Environment Protection and Biodiversity Conservation Act 1999, Ozone Protection and Synthetic Greenhouse Gas Management Act 1989, Hazardous Waste (Regulation of Exports and Imports) Act 1989*، (یاسای پاراستنی ژینگە و پاراستنی هەمەجۆری بایۆلۆجی ساڵی *1999*، یاسای پاراستنی ئۆزۆن و بەڕێوەبردنی گازی گەرمخانەیی دەستکردی *1989*، یاسای خاشاکی مەترسیدار (ڕێکخستنی هەناردەکردن و هاوردەکردن) *1989*). *Recycling and Waste Reduction Act 2020 and the Product Emissions Standards Act 2017* (یاسای بەکارهێنانەوە و کەمکردنەوەی خاشاک *2020* و یاسای ستانداردەکانی دەردانی بەرهەم *2017*)
- وەزارەتی ژێرخان، گواستنەوە، گەشەپێدانی هەرێمی، پەیوەندییەکان، وەرزش و هونەرەکان، بۆ مەبەستەکانی یاسادانان وەک *Road Vehicle Standards Act 2018* (یاسای ستانداردەکانی ئۆتۆمبێلی ڕێگاوبان *2018*)
- کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی ئوسترالیا، بۆ مەبەستەکانی *Commonwealth Electoral Act 1918* (یاسای هەڵبژاردنی کۆمۆنوێڵس *1918*)
- نووسینگەی ئاماری ئوسترالیا، بۆ سامانی داتای ئاست یەکخراوی کەس و ئاماری گەشتە نێودەوڵەتییەکانی گەیشتن و ڕۆشتن لە ئوسترالیاوە
- وەزارەتی پیشەسازی، زانست و سامانەکان، بۆ مەبەستەکانی پلانەکانی ئیمتیازی پیشەسازی
- دەسەڵاتی قڕکەر و دەرمانی ڤێتێرنەری ئوسترالیا، بۆ مەبەستەکانی *Agricultural and Veterinary Chemicals (Administration) Act 1992* (یاسای کشتوکاڵی و مادده کیمیاییە ڤێتێرنەرییەکان (بەڕێوەبردن) ساڵی *1992*)
- کۆمیسیۆنی بازرگانی و وەبەرهێنانی ئوسترالیایی (Austrade)، بۆ مەبەستی یاسادانان وەک *Australian Trade and Investment Commission Act 1985* (یاسای کۆمیسیۆنی بازرگانی و وەبەرهێنانی ئوسترالیایی 1985) و بۆ مەبەستی پەیوەست بە بازرگانی نێودەوڵەتی و زنجیرەکانی دابینکردن

### خستنەڕوو بۆ ئەو چالاکییانەی پەیوەستن بە جێبەجێکردنەوە

ئێمە زانیاری کەسی دەخەینەڕوو بۆ ئاژانسەکانی جێبەجێکردن یان ئۆرگانەکانی (حکومەتی ئوسترالیا، ولایەت و هەرێم) و بیانی کە بەشێوەیەکی ماقوڵانە پێویستە بۆ چالاکیی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ئەنجامدراو لەلایەن یان لەبری ئۆرگانێکی جێبەجێکردنی خۆماڵییەوە، کە خۆپاراستن، دۆزینەوە، لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە یان سزادان بۆ کەتنێکی تاوانکاری لەخۆ دەگرێت. چالاکییەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردن کە یارمەتیدانی ئامادەکاری بۆ، یان بەڕێوەبردن، کار ڕاپەڕاندنی پێش هەر دادگایەك یان دادگای تایبەت بەناکۆکییەکان (لەوانەش کار ڕاپەڕاندنی لێکۆڵەری دادوەری).

### خستنەڕوو بۆ دەسەڵاتە یاساییەکان و بەڕێوەبەری ئۆفیسەکان

- ئێمە زانیاری کەسی دەخەینەڕوو بۆ ئۆرگانەکانی وەک:
- لێکۆڵەری کۆمۆنوێڵس
- کۆمیساری نووسینگەی زانیاری ئوسترالی
- فەرمانگەی وردبینی نیشتمانی ئوسترالی
- کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئوسترالی
- لێکۆڵەری کاری دادپەروەرانە
- پلانی ناساندنی مادده کیمیاییە پیشەسازییەکانی ئوسترالیا

### خستنەڕووەکانی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتی

زانیارییە کەسییەکانی تۆ لەوانەیە بدرێتە ئاژانسەکان تەندروستی حکومەتی و دابینکەرانی پزیشکی لە پەیوەندی بە ڕەچاوکردنی ڤیزا و بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەندروستی گشتی.

هەروەها ڕەنگە زانیارییە کەسییەکانی تۆش بدرێتە ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئوسترالی یان خزمەتگوزارییە فریاگوزارییەکان کە خستنەڕووەکە پێویستە بۆ کەمکردنەوە یان ڕێگری لە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ژیان،تەندروستی یان سەلامەتی هەر تاکێک، یان بۆ تەندروستی گشتی یان سەلامەتی.

### خستنەڕوو - ئەوانیتر

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگە وەزارەت زانیاری کەسایەتی بخاتەڕوو بۆ کۆمەڵێک لە ئۆرگانەکان بەپێی یاسای تایبەتمەندێتی، ئەمانە ئەگرێتەخۆ:

- ئاژانس و ئۆرگانەکانی پەروەردە و کار لە پەیوەندی بە ئەنجامدانی ڕاهێنان یان خوێندن لە ئوسترالیا
- خاوەنکار یان دابینکەری کار سەبارەت بە دۆخی کۆچکردن، مافی کارکردن و
- پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری گرێبەستکراو، ئەوانەش کە لە ژێر بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی، بەرنامەی ئاراستەکردنی کولتووری ئوسترالیا و پرۆگرامی ڕێڕەوی یارمەتیدەر
- کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران
- کۆمەڵگاکانی خاچی سووری ئوسترالی و نێودەوڵەتی
- چاکسازییەکانی ولایەت و هەرێم بۆ ئاسانکاری گواستنەوە و پشتڕاستکردنەوە دۆخی کۆچبەری
- ئاژانس و ڕێکخراوەکانی خۆشگوزەرانی منداڵانی ولایەت و هەرێم
- باڵیۆزخانەکانی تر، کۆمیسیۆنە باڵاکان و کونسوڵخانەکان
- ئاژانسەکان و لایەنی سێیەمی گرێبەستکراو و ئۆرگانەکانی توێژینەوە بە مەبەستەکانی توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و شیکاری بۆ پەرەپێدانی سیاسەت و/ یان بەرنامە و/ یان چاکترکردن
- ئاژانسەکانی حکومەتی ئوسترالی، ڕێکخراوەکان و ئەو ڕێکخراوە نێو نێودەوڵەتیانەی کە ڕۆڵی ڕکخستنیان هەیە لە ڕووداوە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان وەك یارییە وەرزشییە سەرەکییەکان و سەرانی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەکانی ولایەت
- ئەندامانی پەرلەمانی فیدراڵی و ویلایەت و ناوچە، ئەنجومەنەکانی حکومەتی ناوخۆیی، ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی حکومەت کە ڕۆڵیان هەیە لە هاووڵاتیبوون، و خەڵات و بۆنە پەیوەندیدارەکان و پێشوازیکردن بە شێوەیەکی فەرمی لە هاوڵاتیانی نوێ.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2026

- ئەندامانی پیشەسازی بە مەبەستی ڕێگەنەدان یان مامەڵەکردنی هاوردەکردنی کاڵای قاچاغ بۆ ئوسترالیا
- ئاژانسی نیشتمانی بەڕێوەبردنی فریاکەوتن.

## خستنەڕوو لەسەر تۆمارە بەردەستەکان بۆ گشتی

وەزارەت چەندین تۆمار دەپارێزێت بۆ زانیاری گشتی کە لەوانەیە زانیاری کەسی لەخۆ بگرێت. کە ئەمانە دەگرێتەوە، بەڵام سنووردار نییە بە:

- تۆماری گشتی پاڵپشتیکارە پەسەندکراوەکان
- تۆماری خاوەنکاری قەدەغەکراو
- تۆماری بریکارەکانی کۆچبەری
- تۆماری ڕێککەوتنەکانی کار
- تۆماری دیاری و سوودەکان
- تۆمارەکانی ئاشکراکردنی ئازادی زانیاری FOI

## خستنەڕوو بۆ وەرگرانی دەرەوەی وڵات

بەهۆی سروشتی ئەرک و چالاکییەکانیەوە، لەوانەیە هەروەها وەزارەت زانیاری کەسی بۆ وەرگرانی دەرەوەی وڵات ئاشکرا بکات.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خستنەڕوو دەبێت بۆ بەرپرسانی وڵاتی ڕەسەن/ لە وڵاتی ڕەسەنتەوە یان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی (مەگەر تۆ داوای پاراستنت کردبێت لە دژی ئەو وڵاتانە و چاوەڕێی هەڵسەنگاندنی ئەو داوایانەت بێت تا کۆتایی پێبێت). هەروەها وەزارەت زانیاری کەسی ئاشکرا دەکات بۆ وڵاتان یان ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێککەوتنیان هەیە لەگەڵ ئوسترالیا. لەوانە بەڵام سنوردار نیە بە شانشینی یەکگرتوو، نیوزلەندا، کەنەدا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی لە سەرەوە لە ژێر لیستی ’خستنەڕوو – ئەوان ی تر‘.هاتوون.

## لاپەڕەی سەرەکی www.homeaffairs.gov.au

## هێڵی لێپێچینەوەی گشتی

دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە Global Service Centre (GSC) (سەنتەری خزمەتگوزاری جیهانی (GSC)) لە دووشەممە تا هەینی لە 9 ی بەیانی تا 5 ی ئێوارە بە کاتی ناوخۆیی خۆتان. GSC کەمان لە ڕۆژانی پشووی نیشتمانی ئوسترالیا داخراوە.

**لە ئوسترالیا پەیوەندی بکە بە 131881**

**لە دەرەوەی ئوسترالیا پەیوەندی بکە بە 0196 6196 2 61+**